هەرکەسێک توانای هەبوو لەسەر قوربانیکردن، وقوربانی نەکرد، با نزیکی شوێنی نوێژەکانمان نەبێتەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:
«»هەرکەسێک توانای هەبوو لەسەر قوربانیکردن، وقوربانی نەکرد، با نزیکی شوێنی نوێژەکانمان نەبێتەوە.
[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: هەرمسوڵمانێک توانای هەبوو لەسەر قوربانیکردن، وقوربانی نەکرد، ئەوا با نزیکی شوێنی نوێژی جەژن نەبێتەوە و لەگەڵ خەڵکیدا نوێژ نەکات، چونکە نابێت مسوڵمان واز لە قوربانیکردن بهێنێت لە ڕۆژانی جەژنی قوربانداا ئەگەر توانای هەبوو لەسەر قوربانیکردن، چونکە قوربانیکردن پەرستنێکی مەزنە ودروشمێکی جەژنی قوربانە -عيد الأضحى-یە، وزۆرینەی زانایان -الجمهور- لەسەر ئەو ڕایەن کە سونەتێکە جەختی لەسەر کراوەتەوە -سنة مؤكدة-، وهەندێک لە زانایان دەڵێن واجبە لەسەر ئەو کەسەی توانای هەبێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64660